*Sydkurdiska*

زانیاریی بۆ نەخۆش ئەڵقەی مسی لە کارکەوتوو

## زانیاریی بۆ تۆ کە ئەڵقەی مسینی نۆڤاپلوس T380 ت وەک کەرەسەی بەرگریی لە دووگیانی هەبوە

بەداخەوە وا دەرکەوت کە بەشێک لە ئەڵقەکانی ئەم مارکەیە هەڵەیەکی لە پلاستیکەکەیدا هەبوو لەکاتی دروستکردنا و لەبەر ئەمە ئەکرێت بشکێت. ئەڵقەکە ئەکرێت لەناو منداڵدانا بشکێت یان لەکاتی دەرهێنان. ئەم ئەڵقانە لە سکۆنە بەکارهێنراون لە ساڵەکانی ٢٠١٥ بۆ ٢٠١٨ نزیکەی دوو ئەڵقە کە لە ناو لەشی دوو کەسدا لە سکۆنە دانرابوون دەرکەوت شکابوون. ئەمە زۆر فرە زیاتر بوو لەوەی دروستکەرەکەی پێیوابوو، کاتێک کە بە هەڵەکە زانرا. کاتێک بە هەڵەکە زانرا ئێمە وازمان هێنا لە بەکارهێنانی ئەم ئەڵقە مسینە.

## ئەگەر هەموو بەشەکانی ئەڵقەکە هاتبنە دەرێ؟

ئەگەر هەموو بەشەکانی ئەڵقە شکاوەکە هاتبنە دەرێ ئەوا پێویست ناکات هیچی تر بکەیت. تۆ ئەکرێت ئەڵقەیەک مسینی نوێت لەلایەن مامانەکەتەوە بۆ دابنرێت.

## ئایا چی ڕوو ئەدات ئەگەر بەشێک لە ئەڵقە مسینەکە مابێتەوە؟

ئەگەر هەموو بەشەکانی ئەڵقە مسینەکە هێشتام نەهاتبێتە دەرێ، لەوانەیە هی ئەوەبێت کە بەشێک لەناو منداڵدانا مابێت. لەوانەشە کە بەشەکان لە کاتی سووڕی مانگانە هاتبنە دەرێ و هەستیان پێ نەکرابێت. ئێستا واباشە کە تۆ چاوەڕێی دوو سووڕی مانگانەی ئایندە بکەیت و تێبینی بکەیت ئایا ئەڵقەکە هاوکات لەگەڵ خوێنبەربوونی سووڕی مانگانە دێتە دەرەوە. مامانەکە ئەتوانێت نیشانت بدات کە ئەڵقەیەک شێوازی چۆنە، بۆ ئەوەی تۆ بزانیت شێوازی چۆنە و چاو لەچی بگێڕیت.

ئەگەر بەشێکی ئەڵقەکە نەیەتە دەرێ لەکاتی سووڕی مانگانەی ئایندەی یەکەم یان لە دووهەم خوێنبەربوونی سووڕی مانگانە پاش دەرهێنانی ئەڵقەکە، ئەوا ئەبێت تۆ پەیوەندیی بە مامانەکەتەوە بکەیت بۆ بەدواداچوون و یارمەتیی.

## پشکنینەکان

ئەگەر پیاو گومانی ئەوەی هەبێت کە لەوانەیە پارچەیەک لە ئەڵقەکە لەناو منداڵدانا مابێت، ئەوا تۆ بە سی تی سکان (وێنەی تیشک) ئەڕۆیت. تۆ بانگهێشتێکت بۆ پشکنینەکە بۆ دێت کە لە مالمۆ، هێلسینگبۆری، سیمریسهامن یان کالستاد ئەکرێت، تۆ خۆت بۆت هەیە هەڵبژاردە بکەیت لە کوێ بێت.
ئەگەر پارچەیەک مابێت، ئەمە لائەبرێت لەرێگەی پشکنینێکی تایبەتەوە بە کامێرایەک کە ئەخرێتە ناو منداڵدانەوە. ئەم پشکنینە لە سەر دانگایەکی تایبەت یان لە نەخۆشخانە ئەکرێت.

## تۆ بڵێیت من دووچاری ئاڵۆزیی بیم لەم ئەڵقە شکاوە؟

هیچ کەسێک تا ئێستا کێشەی دەرمانی هەمیشەیی نەبووە پاش دەرهێنانی پارچە پلاستیکەکە.

## ئایا من پاراستم بەرامبەر دووگیانبوون بەردەوامە کاتێک کە پارچە ئەڵقەیەک لەناو منداڵدانا ماوە؟

نەخێر، تۆ ئەبێت پارێزەی تر بەکاربهێنیت دژی دووگیانبوون تا ئەو کاتەی ئەڵقەکە هاتۆتە دەرێ. داوای ئامۆژگاری و یارمەتیی کەرەستەی دژی دووگیانبوون لە مامانەکەت بکە. ئەگەر تۆ تەنها بتوانیت ئەڵقەی مسینت هەبێت ئەو ئەتوانیت یەکێکی نوێت هەبێت لەکاتی چاوەڕوانکردن بۆ سی تی سکان، بەڵام پێویستە ئەوە دەربهێنرێت بەر لەوەی پشکنینەکە بکرێت.

## ئایا من ئەبێت ماوەی چەند چاوەڕوانی پشکنینەکە بم؟

تۆ ئەبێت لە ماوەی سێ مانگا کاتێکت لە کلینیکی ژنان دەستکەوێت لەو کاتەوە کە حەواڵەنامەکەی مامانەکە بەدەست کلینیکی ئافرەتان گەیشت.

## ئایا من ئەتوانم ئەڵقەیەکی نوێم بۆ دامەزرێنرێت؟

بەڵێ، پاش ئەوەی کە هەموو بەشەکان هاتنە دەرێ ئەتوانرێت ئەڵقەیەکی مسینی نوێت بۆ دامەزرێنرێت بەبێ خەرجی.

## ئایا من ئەتوانم داوای قەرەبوو بکەم؟

بە www.lof.se ئەو نەخۆشانەی کە زیانیان هاوکات لەگەڵ چاودێری نەخۆشی – و تەندروستی پێ ئەکەوێت، ئەکرێت مافی قەرەبووکەنەوەیان _
پێی یاسای زیانگەیاندن بە نەخۆش هەبێت. شکایەتەکە لێرە ئەکرێت
پاشان ئەتوانیت لەوێ دوای بابەتەکەت بە دیجیتاڵ بکەویت. تۆ ئەشتوانیت فۆرمێک لە ماڵپەڕی لۆێفس داگریتەوە یاخود بۆ ماڵەوە بۆت بنێردرێت.